**لیئون تروتسکی**

## بولشەفیزم و ستالینیزم

**دەربارەی مەسەلە بنچینەیی یە تیئوری و مێژوویی یەکانی ئەنتەرناسیونالی چوارەم:۔**

سەردەمە کونەپەرستەکان وەك ئەم سەردەمەی کە پیا یداتیدەپەرین، نەك هەر چینی کریکار پارچە پارچەو لاوازدەکەن بەدابرانو تەریككەوتنی پیشرەوایەتی یەکەی، بەلکو ئاستی گشتی هوشیاریو ئایدیولوژی بزووتنەوەکەیش دیتە خواری و بیرکردنەوەی سیاسیش هیندە بەرەو پاش دەگەریتەوەوپیدەنیتە قوناغی وا دواکەوتووەوە کەدەمیکە بەسەرچوون. لەو هەلومەرجانەیشدا ئەرکی پیشرەوایەتی(١) پرولیتاریا پیش هەرشتیك ئەوەیە کەبەوپەری ووریایی و تەواوهوشیارانە تیکوشی تاوەکو نەبیتە پاشکوی ئەو تیکشکانە گشتی یە. بەلکو پیویستە دژ بەو تیکشکانە زیرەکانە هەنگاو هەلبگری و دژ بەرەوتی چەوتی گورانکاری یەکان پەیگیرانە ئالای تیکوشان بلند بکاتەوە.

خو گەر تەرازووی هیزەکانیش نالەبارو شیواوو ریگربن لەپاراستنی ئەو دەستکەوتە سیاسی یانەی کە لەوەو پیش بەدەست هینرابوون، ئەوا بەلایەنی کەمەوەپیویستە هەولی مانەوەو پاریزگاریکردنی هەلویستە ئایدیولوژی یەکان بدری. چونکە لەهەناوی ئەواندا گشت تاقیکردنەوە پر بەها" مێژوویی یەکان"ی لەوەوپیش چربوونەتەوە.

گرتنەبەری سیاسەتیکی لەوبابەتەیش، لەلایەن هەندی کەسی گەمژەوە بە"سیکتاریزم" لیكدەدریتەوە. لەراستیشدا تەنها گرتنەبەری سیاسەتیکی لەوبابەتەیە کەدەبیتە ریگە خوشکەر بو تەکاندانیکی مەزنو بەربلاوو فراوانوبەوچەشنەیش خوسازو ئامادە دەکری بو شەپولی راپەرینەوەیەکی ئایندە.

**هەلویستی کونەپەرستانە دژ بە مارکسیزمو کومونیزم:۔**

کارەساتو تیکشکانە سیاسی یەگەورەکان دەبنەهوی پیداچوونەوەیەکی بی چەندوچوونی نرخو بەهاکان،
کەبەشیوەیەکی گشتی لەدوو ریچکەدا خودەبیننەوە. لەلایەکەوە، بەسوود وەرگرتن لەتاقیکردنەوەی تیکشکانەکە، بیرو بوچوونی پیشرەوە راستەقینەکان مەزنتر دەبیو بەدلو بەگیانو پەیگیرانە بەرگری لە بەردەوامیو راستی و دروسی بیروباوەری بولشەفیزم دەکەن .

لەلایەکی دیکەشەوە، بیروباوەری روتینی و بوچوونە سانتریستەکانو بی هیوایی بەرەو پەیدادەکەن، بەتایبەتی لای ئەوانەی کەهەرەسو تیکشکانەکە زەندەقی بردوون، ئیدی هەولدەدەن کە لەنرخو بەهاوداب و نەریتی شورشگیرانە دووربکەونەوەو لەژیرپەردەی گەرانو دیراسەکردنی (حەقیقەتیکی نوی)دا چەندین هەنگاو دەگەرینەوە بوپاشەوەو بریاری ستی نوی دوزینەوە دەدەن.

دەتوانری چەندین نموونەی هەلویستی ئایدولوژی وابهینریت سەرەنجام لەشیوەی کرنووش بردنو پاشگەزبوونەوەدا خویان بینیوەتەوە سەرپای بیرو بوچسینەکانی سی یەم بەهەمان شیوەیش دیدوبوچونساتەلیت)کلکەکانی لەندەنیشیان هەر بریتین لەم بابەتانە. هەروەها هیچ جسەواریکی لیکدانەوەی مارکسیزمی یان تیدا بەدی ناکرێ هیچ چەشنە وشەیەکسش لەمەر داهاتووەوە دەرنابرن.
سەرجەمی بوچونەکانیان بریتین لە کلیشەکاری و روتیس ساختەکاری، لەهەر شتیکیش گرنگتر بەلایانەوە تەنها هەستنی پلەوپایسی یەکانیانەو هیچی دی.

تەنها ووردبوونەوەیەکی خیرا لە دەدیریکسانی وەك هیلفردینگ و ئوتوبسە ستی نزمی بوگەن بوونیان .

لەمەر تیوریزانەکانی کومینترنیشەوە(٢) ئەواهسنەکردنیان باشترە. دیمتروفی پر ستی بیرکردنەوەی لەرادەی نسساکاری دوکانداریکی ئاسایی دایە. بیرو بوچوونی بوگەنی ئەم جسانە تابلیی پەککەوتوەلەو تەپیوانەو چوندەتوانن نەهێ مارکسیزم بکەن. ئەوانە ئەرووی(٣) مارکسیزم دەبەن. بەلام ئیستاکە ئەمانە زور بەلامانەوە گرینگ نین. باشترایە کەبسە سی(نویخوازەکان)ویلی شلام

(Willi Schlamm)ی کونەکومونیســتی نەمســاوی، نامیلکەیــەکی تــەرخانکرد بــو پروســەکانی موسـکو(٤) لەژیر ناونیشـانیکی پرواتـا(Dictature du Monsonge دیکتاتوریـەتی درو ودەلەسـە)دا، شـلام روژنامەنووسیکی بەتوانایە، بایـەخی نووسینەکەشـی زیدەترلـەرووی بابـەتی روژانەوەیـە. رەخنەکانیشــی لەســاختەکاریو تەزویرکردنــەکانی موســکوو هــەروەهایش روونکردنــەوەکانی دەربـارەی میکــانیکی پســیکولوژیانــەی (ئیعــتراف کردنــە ئیختیــار ی)یــەکان زور بەشــیوەیەکی نایابنو توانیویتی بەئاشکرا پەنجە بخاتە سـەر گشت درووەدەلەسەو ساختەکارییەکان.

بەلام، شـلام هەر بەمەوە نەوەسـتاوە، بـەلکو هـەولیداوە کەتیوری‌یـەکی نـوی‌ی سوسـیالیزم دابریژی تاوەکو لەئایندەدا ببیتە لەمپەرو بتوانـی ریـگە لەتیکشـکانو تـەزویر کـردنو درووەدەلەسـەو ساختەکاری بگری. بـەلام لەبەرئـەوەی کـە شـلام بـەهیچ چەشـنیك تیوریـزان نی‌یـەو لـەوەیش دەچی زورکەم ئاگاداری میژووی گەشەکردنی سوسـیالیزمبی، هـەر لەبەرئـەوە، لـەژیر پـەردەی دوزینەوەیـەکی نـوی‌دا بەتـەواوی دەگەریتـەوەبو سوسـیالیزمی پیـش مـارکس، کەلـە شـیوەی سوسـیالیزمی ئـەلمانی‌دا، واتــە بــو شــیوەی هــەرە پاشــکەوتوو هــەرە کـالوکرچو بی‌واتـای سوسیالیزم.

شـلام، وازی لەدیالـەکتیكو لەخـەباتی چینایـەتی هـاوردو بەتـەواوی دیکتـاتوری پرولیتاریاشــی رەدکـردەوە. ئـەرکی گورینو هەلتـەکاندنی کومـەلگایش لـەلای شـلام سـادەو کورتکراوەتـەوە بـو چەندراستی‌یەکی "هەمیشــەیی" ئاوهـا کەئـەو هـەر لەئیستاشـەوە تیدەکوشـی لـەژیرسـایەی رژیمی سەرمایەداری‌دا بو مروقایەتی‌یان روونبکاتەوەو تی‌ی بگەینی.

ئەم بوچونانەی شلام،لەبلاوکراوەکەی کرینسکی (Krenesky)(نوقیا رووسـیا Novia Rossia)دا، جـاران بلاوکراوەیـەکی کونـی نـاوچـەیی بـووو ئیسـتا کـە لـەپـاریس دەردەچـی، بـەوپـەری خوشی‌یەوە پیشوازی لی‌کراو زور بەشانازیشەوە باوەشی بو کرایـەوە. ئـەم هەولوتـە قەلایـەی ویلــی شــلام بــو رزگارکردنــی سوســیالیزم، لــەریگەی ئارایشــدانی بــەچــەند بــەندیکی ئەخلاقی‌یەوە، کرایــە ویــردی ســەرزمانی دەســتەی نووســەرانی ئەوبلاوکراوەیــەو بــەپــی‌ی ئــەنجامگیری (راســتەقینە)ی ئــەو نووســەرانە: شــــلام پەنجــە دەخاتەســـەر پرنســـیبە راسـتەقینەکانی سوسیالیزمی‌رووسـی، کەهـەر لەدیرزەمانـەوە رووبـەرووی بـوچوونـی ووشـــكو برینـگی خـەباتی چینایـەتی وەسـتابوونەوە، واتـە پرنسـیپە نـەمرەکانی بـاوەر (ئیمـان)و هیـواو خوشەویسـتی . بـی‌گومـان دوکــترینی بنــەرەتی (سـوسیالیستەشورشــگیرەکان)ی رووســی، سـەرچـاوەی بیرکردنـەوەی تیوریـان بریتـی بـوو لـە پشـت بەسـتن بـە سوسـیالیزمی ئـەلمانی پیش مارکسەوە. جـا لەبـەر ئـەوەیش، لـەجیگەی خویـدا نی‌یـەو ناشـی داوا لەکرنسـکی بکـری کە لەمیژووی بیروباوەردا لەئاستی بیرەکانی شلام قولتر بیتەوەو لەو تیپەری.

بەلام لەمـەیش گرنکـتر ئەوەیـە، ئیسـتاکە کرنسـکی پشـتیوانی لـە شـلام دەکـات، کـەچـی ئەوکاتـەی کـەخوی سـەروکی حکومـەت بـوو، دەسـت پیشـخەرو لیپرسـراوی گشـت سـەرکوتو کوشـتوبرەکانبوو دژ بە بولشـــەفیەکانو بـەناوی " ئـاژانســی لەشـکری ئـەلما نی)یەوە دەیدانـە قەلـەم. واتەهـەر ئـەو بـــوو کەهەمـەجور تـاوانو چـەندین درووەدەلەســەی خســتبووەگەر دژبـە بولشـەفیەکان. کـەچـی وا بـەتازەگیـش، ئـەورو شـلام خەریکـە هـەرچـی میتافیزیایـە، بەهـەموو لقو پوپە بوگەنەکانیەوە دەگریتەبەرو لەپاشماوەکەی‌دەخوات.

میکـانزمی پســیکولوژی روشــنبیرانی کونـەپەرســت لـەچەشـنی شــلام و گشــت ئــەو کەسـانەیش کەبـەجوری ئەو بیردەکـەوە تـابلی‌ی سـاناو سـاکارانەیە. لەماوەیـەکی دیـاریکراودا ئـەمجورە کەسـانە بەشـداری‌یان لەبزووتنەوەیـەكداکردووە هــەتا دوینــی ســویندیان بەخــەباتی چینایـەتی دەخـواردوو بەسـەرزارەکیش دەمیـان لــەماتریالیزمی دیالیکتی‌یـەوە دەدا. لەنەمســاو لەئەلمانیادا ئەم دیاردەیە بەکارەساتو تیکشکانیکی‌گەورە کوتایی‌هات.

شـلام ســەرەنجامیکی گشــتی‌یان لیـــوە هــەلدەهینجی:فــەرموون خــەباتی چینایــەتیو دیالـەکتیك بـەرەو چ هـەلدیریکیان بردیـن ! هـەرچـون ژمــارەی ســەرجەم داهینــانو دوزراوەکــان بەسـتراوەتەوە بـە تاقیکردنـەوەی میژوویی‌یـەوە... چـەندە پابەندیشــە بەدەولەمــەندی زانیــاریو بیرفراوانیو ئاگایی تاکەکەسیەوە، ئاوهایش چاکەکار(ریفورماتور)ەکەی لەمەر ئیمەیش،

لەتوژینەوەکەیدابەدوای باوەر(ئیمان)یکی نویدا، رووبەرووی کونەشتیکیوا بووەتەوە کەزور دەمیکە رەدکراوەتەوە. ئەویش بریتی‌یە نەكهەر لەدژایەتی کردنی بولشەفیزم بەلکو د ژلەتی کردنی مارکسیزمیش.

گەر بەسادەیی بروانینە رووی راستەقینەی هەلویستی شلام ئەوا تابلی‌ی سەرەتاییە(لەمارکسەوەتا.... کرنیسکی)و شیاوی ئەوە نی‌یە کەخوماني بو ماندوو بکەین‌و بەسەری بکەینەوە. لەگەل ئەوەیشدا لیکولینەوەی تابلی‌ی سودمەندە؛ بەتایبەتی لەبەر کارەکتەرە ساکارو سەرەتایی‌یەکەی. چونکە کولکەی ناوکویی سەراپای شیوەکانی تری کونەپەرستی دەردەبری، بەتایبەتیش گشت ئەو بوچوونانەی کەلە پیش هەر شتیکەوە بولشەفیزم هەر لەبنەرەتەوە رەودەکەنەو هەرلەم بابەتەن.

## گەرانەوە بو مارکسیزم : ـ

مارکسیزم بالاترین شیوەی میژوویی خوی لە بولشەفیزمدا بەدەست هینا، لەژیر ئالای بولشەفیزمدا بوو کەپرولیتاریا توانی یەکەم سەرکەوتنی خوی بنەخشینی‌و یەکەم دەولەتی کریکاری هینایەکایەوە. هیچ هیزیکیش ناتوانی ئەم رووداوە راستەقینەیە لەمیژوودا بسریتەوە.

بەلام کە شورشی ئوکتوبەر بەم ئاکامەی ئیستاشی گەیشت، بووە مایەی سەرکەوتنی بیروکراسی، بەسیستەمی سەرکوتکردن‌و ئاوەژووکاری، واتە دیکتاتوریەتی درووەدەلەسە بەپی‌ی تەعبیری راستی شلام. زور بیرکەرەوەی سادەو ئەوانەی کەبەروو کەشی‌و سەر پی‌یی شتەکان لیك دەنەوە، یەکسەر دەگەنە ئەو سەرەنجامەی: گەر هەرلە بنەرەتەوە بولشەفیزم رەدنەکریتەوە ئەوا ناشی خەباتی تەواوەتی دژ بە ستالینیزم بگیریتەبەر، هەروەکو دەزانین، شلام، زورتر لەمەیش تیدەپەری: کە بولشەفیزم بوگەنی کردوو ستالینیزم هاتە ئاراوە، ئەویش سەرچاوەکەی دەگەریتەوە بو مارکسیزم. کەواتە ناتوانین لەسەربناغەی مارکسیزم دژ بە ستالینیزم بوەستینەوە. خەلکانیکی کەم کاریگەرتر بەلام بەژمارە زورتر بەپیچەوانەوە دەلین "دەبی واز لە بولشەفیزم بهینری‌و بگەرینەوە بو مارکسیزم" ئاخر چون‌و لەچ ریگەیەکەوەو گەر لەوە بو کامە مارکسیزم؟ خو پیش ئەوەی کە مارکسیزم لەشیوەی بولشەفیزمد انابوودبیت، زوردەمیك بوو لەشیوەی سوسیالدیموکراسی‌دا هەلتەکی‌و تیك‌وپیك شکاو هەرەسی هینابوو!

ئایا دروشمی گەر لەوە بو مارکسیزم، بریتی‌یە لە بازدانیك بەسەر قوناغەکانی ئەنتەرناسیونالی دووەم‌و سی‌یەم‌و ئەوجا ئەنتەرناسیونالی یەکەمیشدا ؟ بەلام خو ئەویش هەرلەکاتی خوی‌دا هەلوەشابوویەوە. بەم‌شیوەیەو لەدوا ئاکامدا مەسەلەی گەرانەوە بوسەرجەمی بەرهەمەکانی مارکس‌و ئەنگلس خو دەسەپینی‌و چارەیەکی ترمان نی‌یە. ئەم کارە قارەمانانەیەش تابلی‌ی ئاسانەو تەنانەت پیویست بەوەیش ناکات کەلە میزی خویندنەوەمان‌و لەژوورەکەیشمان دوور کەوینەوەو بەبی ئەوەیش کە کەوشەکانمان لەپی دابکەنین‌و زور بەسانایی دەتوانین ئەم بازە بدەین. بەلام چون دەکری بەسەر بەرهەمەکلاسیکی‌یەکاندا تیپەرین(مارکس لە١٨٨٣وە کوچی کردووەو دوای ئەویش ئەنگلس لە١٨٩٥)، ئەدی چون ئەرکەکانی قوناغی نوی بگرینەبەر؟ چون دەتواندری خەباتیك وەلاوە بنری کەبولشەفیزم‌و شورشی ئوکتوبەریش دەگریتەوە؟

هیچ کەسیك لەوانەی کە لەو بوچوونەدان کە بولشەفیزم ریبازیکی(تیکشکاو)وە لەرووی میژوویی‌یەوە، هیشتانەیتوانیوە ریبازیکی‌نویترمان بو دەست نیشان بکات. بەلکو زور بەساویلکەیی ئاموژگاری ئەوەمان دەکەن تاوەکو سەر لەنوی بگەرینەوە بو خویندنەوەی "سەرمایە". ئیمە دژ بەمەنین. بەلام خو بولشەفیەکانیش "سەرمایە"یان دیراسەکردبووو زور بەچاکیش لی‌ی تیگەیشتبوون. لەگەل ئەوەیشدا نەتوان‌یانی ریگە لەبوگەنکردنی دەولەتی سوقیەتی بگرن‌و نەتوانیشی‌یان بەر بەخستنەگەری دادگایی‌یەکانی موسکیش بگرن. کەواتە ئەی دەبی چی‌بکەین؟

ئایا ئەوە دروستە کەستالینیزم بریتی‌یە لە بەرهەمی شەرعی بولشەقیزم هەروەك هەموو هیزە کونەپەرستەکان لیکی دەدەنەوە، هەروەك ستالین خویشی لاف‌و گەزافی پیوە لی‌دەدات، هەروەك چون مەنشەفیەکانیش هاورای ئەم بوچوونەن، هەروەك ئەنارشیستەکان‌و هەندیك لەزاناکانی چەپیش کەخو بەمارکسیست لەقەلەم دەدەن‌و ئەوانیش هەروا

بیردەكەنەوە؟ ئەوانە دەلین "ئیمە هەموو كاتیك رامان گەیاندووەو پیش بینیمان كردبوو كە بەقەدەغەكردنی پارتە سوسیالیستەكانی ترو بەسەركوتكردنی ئەنارشیستەكان، بە سەپاندنی دیكتاتوریەتی بولشەفیەكان لەسوفیەتەكاندا، ئیتر شورشی ئوكتوبەر نەیدەتوانی ریگەیەكی‌تر بگریتەبەروو هەردەبوو بگاتە دیكتاتوریەتی بیروكراسی، ستالینزم هەم بریتی‌یە لەدریژەپیدەرو هەم نابوودبوونی لینینیزمیشە".

## ئایا بولشەفیزم بەرپرسیاری ستالینیزمە ؟

هەلەو نادروستی ئەم جورە بووچوونە بەوە دەست پی‌دەكات كە بولشەفیزمو شورشی ئوكتوبەرو یەكیتی سوقیەت وەك یەك لیك‌دەدەنەوە.بەم جورەیش پروسیسوسی میژوویی كەبریتی‌یە لەخەباتی هیزە دژبەیەكەكان، خراوەتە پشت گوی‌و لەجیگەی ئەوە گەشەكردنی بولشەفیزم لەناوبوشایی‌دا لیكدراوەتەوە. لەگەل ئەوەش‌دا كە بولشەقیزم تەنها هیزو لایەنیكی سیاسی پیكدەهینی كە بی‌گومان ئەویش بەتەواوەتی بەستراوەتەوە بەچینی كریكارەوە، بەلام بەهیچ شیوەیەك بریتی نی‌یە لەچینی كریكار. بیجگە لەچینی كریكاریش، لەیەكیتی سوفیەت‌دا زیاتر لەسەد ملیون جوتیار هەن، چەندین نەتەوەی جیاوازو پاشماوەیەكی گەورەو فراوانی چەوسانەوەو هەژاری نەخوینەواری و پاشكەوتەیی لەئارادان.

ئەو دەولەتەی كەلەلایەن بولشەفیەكانەوە دروستكرا، تەنها رەنگد لەوەی بیرو بوچوونو ویستو خواستی بولشەفیەكان نی‌یە، بەلكو رەنگد لەوەی ئاستی روشنبیری‌و فەرهەنگی ولاتەكەو پیكهاتنی كومەلایەتی دانیشتوانو گوشاری پیشینەی بەربەریی‌و ئیمپریالیزمی جیهانیشە كەلەو زیدەتر بەربەریە.

لیكد لەوەی پروسیسوسی بوگەنكردنی دەولەتی سوفیەتی وەك تاكە سەرەنجامی گەشەكردنی بولشەفیزم واتە پشت گویخستنی‌واقیعی كومەلایەتی. بەگرتنەبەر چاوی تاكە توخمیك كە بەشیوەیەكی رووت‌و قوتی لوژیكی جودابكریتەوە. هەر ئەوەنە بەسە كەئەم هەلەیە بەشیوەیەكی سادە لیكبدریتەوە بو ئەوەی ئیتر بو ئەوەی هیچ شتیكی‌تر بەدی‌نەكری.

بولشەفیزم، خوی لەخویدا هیچ‌كاتیك نەخوی بەشورشی ئوكتوبەر چوواندووەو نەبەدەولەتی سوقیەتیش كەلیوەی پەیدا بوو. بولشەفیزم خوی تەنها وەك یەكیك لەفاكتەرە میژوویی‌یەكان دەدایە قەلەم.

فاكتەریكی"هوشیار"، فاكتەریكی زور گرنگ‌و پربایەخ بەلام بە هیچ شیوەیەك خوی بە بریاردەرو تاكە فاكتەر نەدەز یچ كات تاوانی(سوبژیكتفیزم)ی میژوویمان نەكردووە. یمە فاكتەری بریاردەروو بنـ سەر بناغەی هیزەبەر ینەرەكان لەخەباتی چینەكاندا بەدی‌دەكرد، نـ سـ سی نیشتیمانی بـ سـ ستی جیهانیش بەو چەشنە بیرمان دەكردەوە. كاتیك بولشـ سازشیان لەگەل هیزە وردەبورژوا جوتیارەكان‌دا دەكرد، كاتیك كەهەلومەرجی رەق‌و توندیان بو بوونەئەندامی پارتی دادەنا، كاتیك كەپارتیان لەتوخمەدزیوو ناكارامەكان پاك دەكردەوە كەشیاوی ئەندا یەتی پارتی نەبوون، كاتیك كەپارتی‌یەكانی تریان قەدەغەدەكرد، یان كـ سەتی نوی‌ی ئابوری**NEP**یان دەگرتەبەر، بەوەش بەشی هەندی شەریكەكانیان دەدا لـ سەرمایەدارەكان، سیی‌یان لەگەل حكومەتە ئیمپریالیستەكاندا مور دەكرد،

ئەوان، بولشـ سەرەنجامی تایبەتی‌یان لەم بارە بابەتیەوە هەلدەهینجاو لەرووی تیوریشەوە د یك بوو لایان ئاشـ سـ ست، خوی لەخویدا چەندە گرنگ‌و پربایەخیشە، بەلام بەوەیش پارتی نابیتە هەمە كارو خـ سـ سنووری سی یژوویی. بی‌گومان كە پارتی حوكمـ ست، پارتی دەبیتە خاوەنی ئەوەی كە بتوانی بەهیزیكی مەزنەوە هەنگاو هەلبگری‌و كاریگەری گەورەشی هـ سەر رەوتی گەشەكردنی كومەلگاوە: ئەو كاتە، پارتی، دەكەویتەبەر چاودیریەكی گەورەی هەموو هیزەكانی ناو كومەلەوە.

لەوانەیە پارتی بكەویتەبەر هرووژمـ ستەوخوی هیزەنەیارەكانەوە، تەنانـ سەلاتیش ست بدات. یاخود هەر بەشیوەیەكی هیمنانـ سەرحوكم بمینیتەوەو گەر توانیشی هەر حوكمەكەی بپاریزی، بەلام ئەواهید یدی لـ سەلاتەكەی توشی هەلوەشانو شی بوونەوە ببی. هەر ئـ ستی‌یەشە واتە دیالـ سی

میژوویی‌یەکە توژەرەوەو لیکولەرەوە سیکتاریستەکان لی‌ی تیناگەن‌و بی‌پەروا هەولدەدەن کە لەپیکهاتنی بیروکراسی ستالینی‌یەوە بەلگەی بی‌سەروبەری دژە بولشەفیزم بدوزنەوە.

لەناوەروکدا، ئەم پیاوە بەریز لە دەلین: ئەو پارتە شورشگیرەی کە نەتوانی ریگە لە بوگەنبوونی خوی بگری پارتیکی نالەبارو ناشورشگیرە. لەئاستی بوچوون‌و پیودانگیکی وادا بی‌گومان بولشەفیزم مەحکومرو تاوان بارەو نەهیچ جورە چارەیەکی جادووگەرانەیشی بەدەستەوەیەو نەهیچ ریگایەکی رزگاریشی هەیە، بەلام خوی لەخوییدا ئەم جورە پیودانگە دوور لەراستی‌یەوەیە.

چونکە بیرکردنەوەی زانستیی‌یانە پیویستی بەشیکردنەوەیەکی قول‌و دیارو کونکریتی‌و بەرفراوانترە. بەلام چون‌و لەئەنجامی چی‌یەوە پارتی بوگەنی کرد؟

تاوەکو ئیستاش کەس نەهاتووە ئەم شیکردنەوەیە بکات، جگە لە بولشەفیەکان خویان. بو ئەم مەبەستەیش هیچ پیویستیشیان بەوە نەبوو کەلە بولشەفیزم خودابرینن‌و وازی لی‌بینن. بەلکو بەپیچەوانەوە، هەر لەرووشنایی دەسکەوت‌و بیرە تیژەکانی ئەو ریبازەوە هەنگاویان هەلهیناو توانی‌یان هەرچی پیویستە بەدی بکەن بو شیکردنەوەی چارەنووس.

ئەو سەرەنجامەی کەئیمە هەلیدەهەنجینین ئەمەیە: بی‌گومان ستالینیزم لە بولشەفیزمەوە پەیدابوو بەلام بەچەشنیکی دیالەکتیکی، نەك وەكدریژە پیدەروو ریچکە هەلگری شورشگیرانەی بولشەفیزم بەلکو وەك دژە تیزو هەلگەرانەوەیەکی تیرمیدوری. ستالینیزمو بولشەفیزم بەتەواوی دووشتی زور جوداو دژ بەیەکیشن.

**پیشبینی بنەرەتی بولشەفیزم:-**

بولشەفیەکان پیویستی‌یان بەوە نەبوو کە چاوەری‌ی روود لی پروسەکانی موسکو بکەن‌و ئەوجا پاش تیپەربوونی رووداوەکان هەولی روونکردنەوەو شیکردنەوەی هویەکانی هەلوەشاندنەوە (شیبوونەوە)ی پارتی دەسەلاتداری یەکیتی سوقیەت بدەن‌و لی‌یان تی‌بگەن.

بگرە هەر زور لەزووەوە پیشبینی ئەوەش‌یان کردبوو ولەوباوەرە دابوون کەدەشی رەووتی رووداوەکان بەئاراستەیەکی جیاوازدا تیپەرن‌و بگەنە گەشەکردنیکی لەو بابەتە، هەر ئەو کاتەیش لەم بارەیەوە زور بەروونی و ئاشکرایی بووچوونی خویان دەربریبوو. باشتر وایە ئەو پیشبینی‌یەیان بینینەوەیاد، بولشەفیەکان چەند سالیك بەر لەهەلگیرساندنی شورشی ئوکتوبەریش ئەو پیشبینیەیان کردبوو: گەر خربوونەوەی هیزە نیشتیمانی‌و ئەنتەرناسیونالی‌یەکان زەمینەی ئەوەی بوپرولیتاریا خوش‌کرد کە لە وولاتیکی پاشکەوتەی وەك رووسیادا، پرولیتاریا بو یەکەمین جار دەسەلات بگریتەدەست، ئەوا لەهەمان کاتتداو بەدلنیایی‌یەوە ئەم خربوونەوەو تەرازووی هیز لە بەبی سەرکەوتنی خیرای پرولیتاریای ولاتانی پیشکەوتوو، ئەوا سەرکەوتنی هەتاهەتایی دەولەتی کریکاری لەرووسیادا مەحالەو ستەمیشە بتوانی لەسەر حوکم بمینیتەوە.

رژیمی سوفیەتی گەر تەنهاهەر لە رووسیا مایەوە ئەوا یان دەروخی یاخود وردەوردە بوگەندەکات. راستی‌یەکەی لەسەرەتاوە بوگەن دەکات‌و
پاشانیش دەروخی .

من هەر خوم چەند جاریك لەم بارەیەوە وتارم نووسیوەو بوچوونی خومم لەم رووەوە دەرخستووەو هەر لە ١٩٠٥یشەوە بەراشکاوی رای خومدیاریکردووە.

ئینجا لەکتیبەکەیشمدا (میژووی شورشی روسی ـبروانە دوابەرگ ـ بەشی سوسیالیزم لەتاکە ولاتیکـدا)بوچوونی جیاوازی رابەرە بولشەفی‌یەکانم لەم بارەیەوە لە١٩١٧وە تا١٩٢٣ دوویات کردوتەوە. هەموو بیرو بوچوونەکانیش لەتاکە بیروکەیەکدا کورت دەکرینەوە: بەبی سەرکەوتنی شورشی روژئاوا، بولشەفیزم تیك‌وپیك دەشکی، یاخود لەلایەن دژەشورشی ناوخووە،یان لەریگەی هیرشی بیگانەوە یان لەریگەی یەکگرتنی هەردوولایەنەوە.

بەتایبەتیش لینین چەندجاریك ئەوەی دەست نیشان کردبوو کە بیروکراتیزەبوونی رژیمی سوفیەتی، بریتی نی‌یە لەمەسەلەیەکی تاکنیکی یان سازماندەیی(ریکخراوەیی). بەلکو بریتی‌یە لەدەسپیکی ئیحتمالی بوگەنکردنی دەولەتی کریکاری. لە کونگرەی یانزەهەمی پارتی‌دا، لەمارسی١٩٢٢دا، لینین باسی لەو پشتیوانی‌یە کرد، کەلەکاتی N E P دا، بریك سیاسەتمەداری بورژوازی،

بەتایبەتی پروفیسوری لیبرالی ئووستریالوف (Oustrial ov). کەلایەنگریو پشتیوانی خوی بو رووسیای سوفیەتی دەربریبوو، ئووستریالوف(گەرچی کەسیکی کادیتو بورژوازیشەوە) دەیووت: "من پشتیوانی لە دەسەلاتی سوقیەتی لە روسیادەکەم، چونکە ئەورو ریگەیەکی وای گرتوتەبەر کەلەئایندەدا دەبیتە دەسەلاتیکی بورژوازی ئاسایی".

لینین هیشتاهەر ئەم دەنگە ناسازو گالتەجاریەی دوژمنیکی وای بەلاوە باشتربوو تا دەنگی ترسنوکانەو خودزینەوەی کومونیستەکان.

هەر بویە لەم بارەیەوە،بەوپەری وریایی‌یەوە پارتی لەو مەترسی‌یەی کەرووبەرووی بوتەوە بەئاگا دەهینایەوە : (ئەو شتانەی کە ئوستریالوف باسی‌یان دەکات ری‌ی تی‌دەچی بینەدی، پیویستە بەراشکاوی د لی‌پیدابنیین. میژوو گورانکاری هەمەجورە بەخووە دەبینی: تەنها پابەندبوونو سووربوون لەسەر بیروباوەری بەتینو دلسوزیو وەفاداری بو پیوەرە ئەخلاقی‌یەکانی‌تر بەس نی‌یە، ئەمە لەسیاسەتدا شتیکی ناراستو بی‌بناغەیە.

باشترینو بەرزترین هەلسوکەوتی ئەخلاقی تەنها لەلای کەمایەتی‌یەکی خەلك نرخو بەهای هەیەو بەدی‌دەکریت، بەلام هەردەم، ئەوە جەماوەری گەورەو فراوانە کە بریاری چارەنووس سازی میژوویی دەدات. ئەو جەماوەرەی کە گوی‌ناداتە پیوەرە ئەخلاقیەکانی ئەو کەمایەتی‌یەو، گەرهاتو لەو کەمایەتی‌یە وەرس بووو بەدلی نەبوون ئیدی هیچ جورە ریزیکیشیا بو دانانی. بە کورتی:( پارتی تاکە فاکتەریکی گەشەو گورانکاری نی‌یە، لەئاستی مەزنی گورانکاری‌یە میژوویی‌یەکانیشدا ناتوانی ببیتە فاکتەری بریار دەرو هەمە کارە).

(دەشی کە گەلیك، گەلیکی‌تر بخاتە ژیردەستی خویەوە۔ لینین هەر لەهەمان کونگرەدا، کەئەویش دواکونگرە بوو کەتوانی تیایدا بەشداربی، بەردەوامدەبی‌و دەلی ۔ ئەمەیش زور سادەو ساکارەو جیگەی تی‌گەیشتنی هەموانە. بەلام چ گورانیك بەسەر شارستانیتی ئەم گەلانەدادی؟ لیرەدا، مەسەلەکە هیندە سادەو ساکارنی‌یە. ئەگەر ئەوگەلەی کەبەسەر گەلەکەی‌تردا سەرکەوتووە، خاوەنی پلەی شارستانیتی‌یەکی بالاتربی لەچاو گەلەبن‌دەستەکەدا. ئەوا ئەوکاتە شارستانیتی‌یەکەی خوی بەسەردا دەسەپینی؛ بەلام گەر بەپیچەوانەوە بوو، زورجار وارووەدات کەگەلە بن‌دەستەکە بتۆ ولی شارستانیتی‌یەکەی خوی‌بسەپینی بەسەر گەلەداگیرکەرەکەی‌دا. ئەدی شتیکی لەم جورە لەپایتەختی ولاتە سوسیالیستی‌یە فیدرالی‌یە شورایی‌یەکانی رووسیا (یەکیتی سوقیەت)دا رووی‌نەدا؟ ئەی ئەنجامەکەی ئەوە نەبوو کە ٤٠٧٠٠ کومونیست(تەقریبەن فەیلەقیك لە باشترین کەسانی هەلبژاردە) خویان‌بینی‌یەوە لەبندەستی شارستانیتی‌یەکی بیگانەدا ؟ ).

ئائەمە لەسەرەتای ١٩٢٢دا ووترا، یەکەم جاریش بوو دەوترا میژوو لەلایەن چەند مروفیکەوە دروست نەکراوە، هەرچەندە "باشترینو کارامەترین کەسانیش بن"بیجگە لەوەیش ئەم(خەلکە کارامەو هەرەباشانە) لەوانەیە ئەوانیش لەبوتەی شارستانیتی‌یەکی "بیگانە"دا بوگەنبکەن،واتە لەشارستانی بورژوازی‌دا.

نەك هەردەولەتی سوفیەتی ئیحتمالی هەیە لەریگەی سوسیالیزمدەرچی،بەلکو لەوانەیە پارتی بولشەفیش، لەهەلومەرجی میژوویی نەگونجاوو نالەباردا، بولشەفیزمەکەی خویشی بدورینی.

لەتیگەیشتنی تەواوو هەست بەمەترسیکردنی ئەم مەترسی‌یەوە بوو کە ئوپوسیسیونی چەپ هاتەکایەوەو بەتەواوی لە ١٩٢٣دا خوی‌دەرخست.

بەلەبەر چاوگرتنی وردو ر وژلەی سیماکانی بوگەنکردن، شیلگیرانەهەولیدا بەهەموو توانایەکی‌یەوە دژبە تیرمیدور بوەستیتەوە کەدژ بەسیاسەتی شورشگیرانەی پیشرەوی پرولیتاریا گەشەیدەکرد. لەگەل‌ئەوەشدا، دەرکەوت کەتەنها ئەم فاکتەرە سوبژەکتیفە بەس نی‌یە. چونکە لەدوائەنجامدا هەر"جەماوەری زەحمەتکیشە" بەپی‌ی وتەی لینین، کە دەتوانی چارەنووسی خەبات دەست‌نیشان بکات، لەو کاتانەدا جەماوەر بی‌بەشکرابوو لە پیداویستی‌یە هەرهسەرەتایی‌یەکانی لەولاتداو بی‌پەروایش چاوەری‌ی بی‌کوتایی‌و دوورودریژی شورشی‌جیهانی دەکردوو ماندوو شەکەتبووبوو. لەولایشەوە، تادەهات گیانی خەباتو شورشگیری جەماوەر سستو لاوازتردەبوو. بیروکراسیەت دەسەلاتی ملهورانەی خوی پتەوترکردبوو پیشرەوی پرولیتاریای چەککردبووو مارکسیزمیشی‌خستبووە ژیر پی‌یەوەو

پارتی بولشەفیکی سووكو رسوا کردبوو، ستالینیزم سەرکەوتنی بەدەستهینابوو و بەتەواوی بالادەست بوو.

لەچوارچیوەی ئوپوزیسیونی چەپدا، بولشەفیزم ئالای خەباتی دژ بەبیروکراسی سوفیەتیو کومینترینەکەشی بەرزکردەوەو لیی‌جودابووە.

ئائەوەبوو رووی‌راستەقینەی گورانکاریەکان.بی‌گومان، لەرووی شیوازەوە ستالینیزم لەبولشەفیزمەوە پەیدابوو.

تاوەکو ئەمرویش، بیروکراسیەتی موسکو هیشتا هەر بەردەوامە کەخوی بەپارتی بولشەفی لەقەلەم بدات.

راستی‌یەکەی ئەوان ناوەکونەکەی بولشەفیزم تەنها بو لەخشتەبردنی جەماوەربەکاردینن، لەهەمووشی خر پترو پر مەترسیدارتر ئەوەیە کەتیوریزانەکانیان رولەتی بولشەفیزم دژبە ناوەروکە شورشگیری‌یەکەی بەکاردینن.

ئەوکەسانەی کەر ولەت لەجیاتی واقیع لیك دەدەنەوەو ستالینزمو بولشەفیزم وەك یەك لەقەلەم دەدەن، لەراستیدا، ئەوانە باشترین خزمەت بە تیرمیدوریەکان دەکەن، بەوەیش رولیکی ئاشکرای کونەپەرستانەدەگیرن.

بەدوورخستنەوەو لەناوبردنی گشت پارتەکانی‌تر لەمەیدانی سیاسی‌دا، ئیدی بەرژەوەندی‌و بوچوونە جوداجوداو دژ بەیەکەکانی تویژەجیاوازەکانی کومەل، بەشیوەیەك یان بەشیوەیەکی‌تر، دەبوو خویان لەناو پارتی دەسەلاتداردا بدوزنەوە .

بەو پی‌یەی کەبنکەو ناوەندی هیز لەدەست پیشرەوی پرولیتاریا دەردەچوو و دەکەوتە ژیردەستی بیروکراسی‌یەوە. ئیتر پارتیش چ لەرووی پیکهاتووی کومەلایەتی‌و چ لەرووی ئایدولوژیەوە گورانکاری بەخووەدەبینی.

بەهوی گورانکاری‌یە توندوخیراکانی ئەم دواییەشەوە، ئەو پارتە لەمردوانزەسالەی دواییدا هیندە بوگەنبووو تیکترشا، کەزور زور خیراو توندوتیژلەتربوو لەوەی کە سوسیال دیموکراسی لەماوەی پەنجا سالدا بەسەریدا تیپەری.

ئەو پاکسازیەی ئیستا کەگیراوەتەبەر، بەئاشکرا سنوور بەندی لەنیوان بولشەفیزمو ستالینزمدا دەردەخات، ئەویش نەك هەر بەچەنددلوپەخوینیك بەلکو بەرووباریکی مەزنی خوین، ئەم دوولایەنە لیك جوداو دووردەخاتەوە.

لەناوبردنو کوشتنی گشت بولشەفیەکونەکانو بەشیکی گەورەی وەچەی ناوەنجی کەلەجەنگی ئەهلی‌دا بەشداریان کردبوو، هەروەها بەلەناوبردنی بەشیکی فراوانی ئەو لاوانەی کەبەدلو بەگیان خویان بەستبووەوە بە بولشەفیزمەوەو لەجی‌ی هەموو هیوایەکیشیان دایاننابوو. ئەمانە هەموو ئەوە دەردەخەن کە بولشەفیزمو ستالینیزم جیاوازیان زەوی‌و ئاسمانە، ئەویش نەك هەر لەرووی سیاسی‌یەوە، بەلکو لەرووی فیزیکیشەوە، ئاخر چون دەکری ئەم راستیە لەبەر چاو نەگیری یان فەراموشکری؟

**<u>ستالینیزمو "سوسیالیزمی دەولەتی" :ـ</u>**

ئەنارشیستەکان، هەمیشە هەول دەدەن کە ستالینیزم نەك هەروەك بەرهەمیکی ئورگانیکی بولشەفیزمومارکسیزم بدەنە قەلەم، بەلکو بەگشتی وەك" سوسیالیزمی دەولەتی"یش دەیبینن.

ئەوان، بەوەیش رازی‌دەبن کەناوە کونەکەی (فیدراسیونی کومونە ئازادەکان)ی باکونین بگورن بە(فیدراسیونی سوفیەتە ئازادەکان). بەلام ئەوان لەپیش هەموو شتیکەوەو بەهەموو جوریك دژ بەدەولەتی ناوەندین.

راستی‌یەکەی، بەشیکی مارکسیزمی" دەولەتی"، واتە سوسیال‌دیموکراتەکان، کاتیك کە دەسەلاتیان گرتەدەست بوونە ئاژانسیکی ئاشکرای سەرمایە. بەشیکی‌تریشی تویژیکی نوی‌ی خاوەن ئیمتیازی هینایە کایەوە. ئاشکراشە سەرچاوەی نەخوشی‌یەکەیشی لەدەولەتدایە. گەر ئەم بوچوونەیش، لەرووی گورانکاری‌یە میژوویی‌یە دوورودریژەکانەوە لیك بدەینەوە. بەبی هیچ چەندو چونیك، دەولەت، وەك ئامرازیکی سەرکوتو چەوساندنەوە، سەرچاوەیەکی مەزنی بوگەنی سیاسی‌و ئەخلاقی‌یە.

وەك تاقیکردنەوەیش، دەریدەخات، ئەو دیاردەیە دەولەتی کریکاریش دەگریتەوە، لەئەنجامدا،

دەتوانین بلیین کەستالینیزمیش بەرهەمی قوناغیکی کومەلگایە، کەهیشتا کومەلگا نەیتوانیوە خوی لیدەربازبکاتو باری سەختوناقولایی دەولەت وەلاوە بخات. بەلام ئەم بارودوخە، بەهیچ چەشنیك نابیتە هوی هەلسەنگاندنی بولشەفیزم یان مارکسیزم، بەلکو کارەکتیری گشتی ئاستی شارستانیتی مروف دەردەبری، لەپیش هەموو شتیکیشەوە پەیوەندی تەرازووی هیزی نیوان پرولیتاریاو بورژوازی دەردەخات.

دوای ئەوەی کە دانمان نا بەبوچوونی ئەنارشییەکانیشدا، کەدەولەت، تەنانەت دەولەتی کریکاریش هەر لەبەربەریتی چینایەتییەوە هاتوتەدی، بیجگە لەوەیش میژووی راستەقینەی مروفایەتی، تەنها ئەوکاتە دەست پی دەکات کە دەولەت بو هەتاهەتایی لەناوچیو نەمینی. بەلام لەگەل ئەوەشدا هیشتاکە هەروەلامی ئەم پرسیارە لەبەردەمماندا ماوەتەوە: ئایا ئەو میتودو ریگاچارانە چین کەدەتوانن بمانگەیەننە کوتاییو دوا ئامانج بو لەناوبردنو نەمانی دەولەت؟

تازەترین تاقیکردنەوەیش بەروونی بومانی دەرخست کەهەر چونیك بی ئەوە میتودی ئەنارشیستەکاننییە کەدەتوانی بمانگەیەنیتە ئەو ئامانجە.

ریبەرانی **C. N.T** ی ئیسپانیا، تاکە سازمانیکی کارامەو لیهاتووی ئەنارشیستەکانە لەسەر رووی زەوی، لەهەلو مەرجی هەرەدژواردا بوونە وەزیریدەولەتی بورژوازی. ئەم هەلویستە خیانەتکارانەیشیان بەوە لیکدەدەنەوەو بەو چەشنە پاکانەی بو دەکەن کەبە ناچاریو لەژیر شالاوو گوشاری(بارو دوخی تایبەتیو نالەباردا) ئەم ریگایەیان گرتوتەبەر.

ئەی ئاخر هەر ئەم بیانووانە نەبوون کەریبەرانی سوسیال ـ دیموکراسی ئەلمانیش بەکاریان دینان ؟

بیگومان "جەنگی ئەهلی " هەلومەرجیکی ئاشتیانەو ساناو ساکار نییە، بەلکو "هەلومەرجیکی نالەبارو تایبەتییە". هەلبەتە(هەر سازمانیکی شورشگیریو جدی پیویستەو دەبی بو هەرهەلومەرجیکی ئەوها نالەبارو تایبەتی زور لەپیشەوە خوی ئامادەبکات).

تاقیکردنەوەی ئیسپانیا جاریکیدیکە سەلماندی، کەدەتوانری لەچوارچیوەی نامیلکەو بلاوکراوەیەكدا "لەهەلومەرجیکی ئاساییی"دا کەبەرەزامەندی دەولەتی بورژوازی بلاودەکریتەوە زور بەئاسانی نەهی دەولەت بکەیت. بەلام هەلومەرجی شورش بەهیچ جوریك ریگە بەنەهیکردنی دەولەت نادەن. بەلکو لەوکاتەدا گرتنە دەستی دەسەلاتو دەولەت گرتنەدەست خوی دەسەپینی.

ئاشکرایەو ئیمە بەهیچشیوەیەك بەتەمای ئەوەنین کەئەنارشیستەکان بەوە
تاوانبار بکەین کەبوچی نەیانتوانی بەنوکی قەلەمیك دەولەت لەناوبەرن.

پارتیکی شورشگیر، تەنانەت ئەوکاتەیش کە حوکمردەگریتەدەست (ئەوەی کەریبەرانی ئەنارشیستەکانلەگەل هەموو قارەمانیتیو گیان فیدایی کریکارانی ئەنارشیستیشدا نەیانزانی پییبگەن) هیشتا ئەوکاتەیش نابیتە هەمەکارەو حاکمی بەدەسەلاتی گشت کومەلگا.

بەلام ئیمە بەئاشکرا تیوری ئەنارشیەکان تاوانبار دەکەین کەتیوریەکەیان تەنها هەر بو هەلومەرجی ئاشتییو ئاسایی دەگونجی، هەرکە "هەلومەرجی نائاسایی" هاتنە گوری یەکسەرو زور بەپەلە وازیان لەشورش هاوردو بەئاسانی پاشەکشەیان کرد.

لەسەردەمی پیشودا، دەمانبینی ژەنەرالەکان " هەرچەندە ئیستاکەیش هەر لەناو نەچوون" وایان بیردەکردەوە کەئەوەی زورتر لەشکرتیکدەشکینیوبوگەنیپیدەکات، ئەوە جەنگە. ئەو شورشگیرانەیش وابیردەکەنەوە کەبە هەلگیرساندنی شورش تیوریوریبازەکانیان دەشیوین، بایەخیان هەر هیندەی بوچوونی ژەنەرالەکانەو زور لەوانیش باشتر نین.

مارکسیەکان بەتەواوی لەگەل ئەنارشسیتەکاندا دەربارەی ئامانجی کوتايي يەکدەگرنەوەو لەمەر هەلوەشاندنەوەی دەولەتەوە هاوراو هاوبوچوونن.

مارکسیزم هەر هیندە"دەولەت چییە" کەبەپیچەوانەی ئەنارشیستەکانەوە، لەوباوەرە دایە کەتەنیا بەلەبیربردنەوەو پشتگویخستنی (دەولەت)کوتایی بەدەولەت نایەتو، بەوەیش لەناوناچی.

تاقیکردنەوەی ستالینزم، بەهیچ شیوەیەك نەیتوانیوە ئەو بناغەیەی مارکسیزم بەدرو بخاتەوە، بەلکو بگرە بەمیتودیکی پیچەوانە، راستیو دروستی مارکسیزمیش دەسەلمینی.

دوکترین(ریباز)یکی شورشگیرانە، نیشانی پرولیتاریا دەدات و هانی دەدات کە بەچەشنیکی راستەقینە سوود لەو بارودوخە ببینیو بەشیوەیەکی چالاکانە بیخاتە گەر، ئەوە ناگەینی کە بەشیوەیەکی ئوتوماتیکی گەرەنتی سەرکەوتن بداتە دەستەوە، بەلام سەرکەوتن ستەمو مەحالە بەبی گرتنەبەری ئەو چەشنە دوکترینە.

بیجگە لەمەیش ناشی سەرکەوتن هەر بەتاکەرووداویك لیكبدریتەوە، بەلکو پیویستە ئەو مەسەلەیە لە روانگەی ئاسویەکی بەرفراوانی میژوویی‌یەوە لەبەرچاو بگیری. یەکەم دەولەتی کریکاری، کەلەولاتیکی پاشکەوتەو ئابووری‌یەکی گەشە نەکردووو ئابلوقەدراوی ئیمپریالیزمدا هاتە گوری، بووە ژاندرمەری (پولیسخانە)یەکی ستالینیزم.

بەلام بولشەفیزمی راستەقینە، خەباتیکی سەرسەختی ماناو نەمانی دژ بەم ژاندرمەری‌یە گرتەبەر.

بو پاراستنی دەسەلاتەکەی، ستالینیزم ئیستا کە ناچار بووە کەجەنگیکی ئەهلی ئاشکرا دژ بە بولشەفیزم، لەژیر ناوی د ژلەتی" تروتسکیزم"دا رابگەینی، نەك هەرلەیەکیتی سوفیەتدا بەلکو لەئیسپانیایشدا.

پارتی بولشەفی کون لەناوچوو، بەلام بولشەفیزم ئەورو لەگشت لایەکەوە سەری مەزنی بلنددەکاتەوەوئالای خەباتی هەلگرتووە.

لیك چواندنی ستالینیزم بە بولشەقیزم یاخود بە مارکسیزم، بەتەواوی وەکو ئەوە وایە، کە بەشیوەیەکی بەرفراوانتر شورشی چەواشە بەشورش لیکبدرریتەوە.

ئەم کلیشەیە، سادەکاری‌یەو هەردەم بوتە شیوەی لیکدانەوەی کونەپاریزەکان، کەخویان لەلیبرالەکاندا دەبیننەوەو پاشانیش بوتە ریبازی بیرکردنەوەی ریفورمیستەکان.

شورشەکان، بەپی‌ی پیکهاتەی‌چینایەتی کومەلگا، هەمیشە بوونەتە مایەی دروستبوونی شورشەچەواشەکان.

ئایا ئەمە ئەوە ناگەینی کە شیوازی شورشگیرانە هەمیشە هەلگری کەموکورتی‌یەکی ناوخویی‌و دەروونی‌یە؟

کەچی تاوەکو ئیستاش نەلیبرالەکانو نە ریفورمیستەکانیش نەیانتوانیوە میتودیکی تری کەمیك(کەمەترسی‌تر)دابهینن.

گەر راسیونالیزەکردن(عەقلانی)ی رەوتی زیندووی میژوویی کاریکی ستەمو دژوارب‌ی، ئەوا بەپیچەوانەوە، شیکردنەوەو لیکد لەوەی راسیوناليستانەی رووداوەکان کاریکی هیندە سەختو دژوارني‌یە، دەتوالری بەپی‌ی لوژیکیکی سادە ئەم شەپولە یەك‌لەدوای‌یەکانە شی‌بکرینەوە.

ستالینیزم لە" سوسیالیزمی دەولەتی"یەوە، فاشیزم لە"مارکسیزم"مەوە، کونە پەرستی لەشورشەوە، بەکورتی ئەنتی‌تیز لەتیزەوە بەروونی‌و ئاشکرایی بەدی‌بکرین.

لەمبارەیەوە، وەك لەچەندین باروبابەتی‌تریشەوە، بیرکردنەوەی ئەنارشیستی، دیلو گرفتاری راسیونالیزمی لیبرالی‌یە، بەلام بیرکردنەوەی راستەقینەی شورشگیرانە بەبی دیالەکتیك مەحالە.

**<u>"گوناهە" سیاسیەکانی بولشەفیزم وەك سەرچاوەی ستالنیزم: ـ</u>**

بوچونو بەلگەکانی راسیونالیستەکان، هەندیك‌جار، بەلانی کەمەوە، بەر ولەتی دەرەکی، کارەکتەری کەمیك کونکریت بەخووەدەگرن. ستالینیزم راستەوخوو بەشیوەیەکی گشتی نابەستنەوە بە بولشەفیزمەوە، بەلکو دەیبەستنەوە بە"گوناهە" سیاسیەکانی‌یەوە(٥). گورتەر Gorter دەلی: بولشەفیەکان، پانەکو، سپارتاکوسە ئەلمانـ ەکا، هتد، لەجیاتی دکتاتوری پرولیتاریا، دکتاتوری پارتی‌یان سەپاند.

ستالینیش جیگای دکتاتوری پارتی بە دکتاتوری بیروکراسی گرتەوە بولشەفیەکان هەموو پارتەکانی‌تریان لەناوبرد.

ستالینیش پارتی بولشەفی خنکاند لەپیناو بەرژەوەندیەکانی تاقمی پوناپارتیستی‌دا. بولشەفیەکان کەوتنە سازشکاریەوە لەگەل بورژوازی‌دا؛ ستالین بووە هاوپەیمانو پشتگیري کەری بورژوازی.

بولشەفی‌یەکان دانیان بەپیویستی بەشداربوون لەسەندیکا کونەکانو پەرلەمانەکانی

بورژوازیدا نا. ستالین خوی بەستەوە بەبیروكراسیەتی سەندیكاكانو دیموكراسی بورژواو بودوستو هاورییان. دەتوانین لەسەر ئەم جورە لیك نزیككستنەوانە بەردەوام بینو زنجیرەیەك نموونەیتر بیینەوە، هەرچەندە بەر ولەت ئەم جورە بەراورد لە شتیك دەردەخەن بەلام لەناوەروكدا ئەم دریژ دادریانە تابلیی پوچو بیواتان.

پرولیتاریا بەبی رابەرایەتییەكی شورشگیرانە نتوانی حوكم بگریتەدەست تەنانەت پیداویستی دەسەلاتیكی دەولەتیش سەرچاوە لەكەم ئاستی روشنبیریو فەرهەنگیو جوداوازیو هەمەجوری جەماوەرەوەیە. لەنیو پیشرەوایەتی شورشگیرانەو ئورگانیزە بوویش لەپارتییەكدا، هیزو تواناوخواستی جەماوەر چردەبیتەوە. بەبی بروای بەتینی چینەكە بەپیشرەوەكەیو بەبی بروای پتەوی پیشرەوەكەیش بەچینەكەی بەهیچ شیوەیەك باس لە گرتنە دەستی دەسەلات بكری.

جا ئەلەم روانگەیەشەوەیە كە شورشی پرولیتاریاو دیكتاتوری پرولیتاریا مەسەلەی بنەرەتیو سەرجەمی چینەكە پیكدینن.

بەلام تەنها بەریبەرایەتی پیشرەوە چینایەتییەكە، سوفیەتەكان دەتوان بگەنە ئاستو پلەیەكی گەشەكردووئورگانیزەبووی نیوان پیشرەوایەتیو چینەكە.

ناوەروكی شورشگیرانەی ئەم شیوازە تەنیا لەریگەی پارتییەوە دەردەخری. ئەمەش بەتاقیكردنەوەی سەركەوتوانەی شورشی ئوكتوبەرو بەتاقیكردنەوەی تالو ژیركەوتوانەی ولاتانی (ئەلمانیاو نەمساو ئیسپانیا)بەچاكی سەلمینراوە.

دوای ئەوەیش، هیچ كەسیك نەتوانیویەتیو نە هەولیشی داوە بەروونی بەئاشكرایی هەر بەنووسین ولەسەركاغەز روونی بكاتەوە، كەئایا چون پرولیتاریا بەبی خەباتی شیلگیرانەی ریبەرایەتییەكی خەباتكارانەی سیاسیو پارتیكی خاوەن ریبازو ریرەوی روونو دیاریكراو دەتوانی دەسەلات بگریتەدەست.

گەرپارتی توانیشی لەرووی سیاسییەوە سوفیەتەكان بخاتە ژیر ركیفی خویشییەوە، هیشتا هەر نابیتە هوی گورینی سیستەمی سوفیەتی، هەروەكو چون بالا دەستیو زورایەتییەكی كونسیرفاتیف (كونە پاریز)یش لە پەرلەمانی بەریتانیدا نابیتە هوی هیچ جورە گورانكاریەك بەسەر سیستەمی پارلەمانی بەریتانیدا.

لەمەر قەدەغەكردنی پارتییە سوفیەتییەكانیترەو، سەرچاوەكەی لەچەند(تیوری)یەكی بولشەفییەوە هەلنەقولابوو. بەلكو بریتی بوو لەهەنگاویكی خوپاریزانەی دیكتاتوری لە ولاتیكی پاشكەوتەو ویرانو كاولكراو ئابلوقەدراوی چەندین جورە دوژمنەوە. بو بولشەفییەكانیش هەرلەسەرەتاوە ئاشكرابوو، كەئەم هەنگاوەو پاشانیش قەدەغەكردنی فراكسیونەكانی ناو پارتی پیشرەو خویشی، گەورەترین مەترسی پیكدینن. لەگەل ئەوەشدا سەرچاوەی مەترسییەكە لەبوچوونو تاكتیكدا نەبوو. بەلكو لەلاوازی مادیو بابەتییانەی دیكتاتوریدا بوو، لەگیروگرفتەكانی بارودوخی ناوخوییو دەرەكی دابوو. گەر هەر هیچ نەبی شورش لەئەلمانیادا سەركەوتنی بەدەست بهینایە، ئەو كاتە هیچ پیداویستییەكی قەدەغەكردنی پارتییەكانیدیكە نەدەهاتە ئاراوە. راستە دەسەلاتی تاكە پارتی لەرووی یاساییەوە ریگەیخوشكرد بو چەسپاندنی رژیمی توتالیتاریستی ستالینی، ئەمەش راستییەكی بی چەندوچوونە. بەلام هوی ئەو جورە گەشەكردنە ناگەریتەوە نە بو بولشەفیزمو نە بو مەسەلەی قەدەغەكردنی پارتییەكانیتر، ئەم هەنگاوە وەك هەنگاویكی عەسكەری كاتییانە گیرایەبەر، ئەگینا هوی سەرەكی رژیمی توتالیتاریستی ستالینی دەگەریتەوە بو تیكشكانە یەك لەدوای یەكەكانی شورشی پرولیتاریا لە ئەوروپاو لە ئاسیا.

لەمەر خەبات دژ بەئەنارشیزمیشەوە، مەسەلەكە هەر بەوچەشنەیە. لەقوناغی قارەمانانەی شورشدا، بولشەفییەكان دەست بەدەستی ئەنارشییە شورشگیرە راستەقینەكان پیكەوەو هاوخەباتانە هەنگاویان دەنا. پارتی توانی ژمارەیەكی زور لەوانیش راكیشیتە ناو ریزەكانی خویەوە. نووسەری ئەم بابەتە، چەندین جار زیاتر لەگەل لینیندا لەو مەسەلەیان كولییەوە كەهەول بدری بەشیك لەولاتیش بخریتە ژیر ركیفی ئەنارشیستەكانەوە، بەرەزامەندی جەماوەری ئەو ناوچانە،بو جیبەجی كردنی تاقي كردنەوەكەیان لەهەلوەشاندنەوەو نەهیشتنی دەولەتدا. بەلام هەلومەرجی جەنگی

ناوخویی‌و، ئابلوقەدانی ئابووری‌و برسیتی چیدی دەرفەتی ئەوجورە پلانانەیان نەهیشتەوە.

**ئەی دەربارەی راپەرینەكەی كرونشتات؟**

گومانی تیدا نی‌یە كەحكومەتی شورشگیری بەهیچ كلوژیك نەیدەتوانی "دیاری‌یەكی وابداتە" دەریاوانانی ئەو قەلایەی كەچارەنووسی پایتەختی پیوە گری درابوو، هەر لەبەر ئەوەی كەچەند ئەنارشیستیكی گومانلیكراو بووبوونە هاوخەباتی راپەرینیكی كونەپەرستانەی جووتیارەسەربازەكان.

لیكولینەوەی میژوویی‌و راستەقینەی رووداوەكان،هیچ جیگەیەكی بچكولەیش ناهیلیتەوە بو ئەو ئەفسانەیەی كە لەدەوری كرونشتات‌و چەند رووداویكی‌تری شورشەوە لەئەنجامی نائاگایی‌و لیكدانەوەی عاتیفی‌یەوە هەلقولاون.

ئەوە راستە كەبولشەفی‌یەكان، هەرلەسەرەتایشەوە، بو رووبوونەوەی ئوپوزیسیون جگە لەشیوەی قەناعەت پیكردن، زورجار هەندیك هەنگاو وی وایان دەگرتەبەر كەشیوەیەكی ئیجبارکردن‌و توندوتیژیان هەبوو. ئەوەش راستە كەبیروكراسی لەهەناوی شورشەوە هاتە كایەوەو كاری توندوتیژی‌و سەركوتكردنی كردە رەوش‌و ریبازو سیستەمیكی كاروكرداری تایبەت بەخوی. هەر قوناغیكی گورانكاری تەنانەت گەر بریتیش بی لەقوناغی ویرانكاری شورش و دژەشورشیش، لەمندالدانی پیش خویەوە لەدایكدەبی‌و رەگوریشەی‌و بریك سیماو كارەكتەریشی لەقوناغی پیشتریەوە هەلدەهینجی.

لیبرالەكان بەخانەوادەی ویب(Webb )یشەو، هەردەم رایانگەیاندووە كە دیكتاتوری بولشەفی بریتی‌یە لەشیوەیەكی نوی‌ی تزاریزم(قەیسەریزم). بەمەیش ئەوانە، چاوی خویان لەئاستی هەندیك وردەكاریدا دەنوقینن، وەك هەلوەشاندنەوەو لەناوبردنی رژیمی تزاری‌و دەسەلاتی دەرەبەگایەتی‌و دابەشكردنی زەوی بەسەر جوتیاراناو دەستگرتن بەسەر سەرمایەدا، پاشانیش گرتنەبەری ئابووری پلان‌بوداریژراو (پلانی ئابووری)و خویندن‌و پەروەردەی دوور لە ئایین‌و مەزهەب .هتد.

هەروەهایش بوچوونی لیبرال۔ ئەنارشیستی چاو لەئاستی ئەو راستی‌یەدا دەپوشی، كە شورشی بولشەقی لەگەل هەموو هەنگاوە سەركوتكەرەكانیش یدابووە هوی گورانی پەیوەندیە كومەلایەتی‌یەكان لەخزمەتی جەماوەری زەحمەتكیش‌دا، كەچی كودەتاكەی ستالین بووە هوی گورانی كومەلگای سوفیەتی لەخزمەتی كەمایەتی‌یەكی خاوەن ئیمتیازو مشەخوردا.

ئاشكرایە، ئەو بوچوونەی كەستالینیزم‌و بولشەفیزم وەك یەك دەداتەقەلەم، بوچوونیكی وایە، كەبەتەواوی دوورە لەهەر چەشنە پیودانگ‌و لیكدانەوەیەكی سوسیالیستی‌یەوە.

**مەسەلی تیوری**: ۔

یەكیك لەسیما هەرەدیارو بەرچاوەكانی بولشەفیزم بریتی‌یە لەهەلویستی سەخت‌و پەیگیرانەو شیلگیرانەی تەواو لەمەر مەسەلەی دوكترین(تیوری‌و بوچوون)ەوە.

هەردەم بیست‌و حەوت بەرگەكەی بەرهەمەكانی لینین وەك نموونەی گرنگ‌و پربایەخی تیوری بو هەتاهەتایە دەمیننەوە. بەبی ئەم تایبەتمەندیەتی‌یەش، بولشەفیزم قەد نەي دەتوانی رولی میژوویی خوی بگیری. بەلام بەپیچەوانەوە، ستالینیزم بریتی‌یە لەبوچوونی سادەكاری‌ولاوازی تیوری‌و بیرو بوچوونی گەلحویانەو شیكردنەوەی ئەمپریریك(تەجریبی)ی سادەو ساكار. دەسالیك لەمەوبەر، ئوپوزیسیون لەپلا تفورمەكەیدا رایگەیاند: "لەمەرگی لینینەوە تاكو ئیستا، هەندیك (تیور ی)نوی‌وا هاتوونەتە ئاراوە، كەتاكە مەبەستیان بریتی‌یە لەوەی كەگروپی ستالینی بەهەموو توانایەكی‌یەوە لەرووی تیوریەوە هەولدەدات كە پاساوی دووركەوتنەوەی ئاشكرا بدات لەشورشی ئەنتەرناسیونالی‌یانەی پرولیتاریا".

لەم ماوەیەدا،(لیستون ئوئاك L iston oak)ی سوسیالیستی ئەمریكی، كەلە نزیكەوە بەشداری لەشورشی ئیسپانی‌دا كردووە، نووسیبووی "لەراستی‌دا، ئیستاكە ستالینیەكان بریتین لە ریفژیونیستی هەرەبوگەن دژ بەماركس‌و لینین، بیرنشتاین قەد نەیدەویرا نیوەی ئەو ریگایەش ببری كە ستالین گرتی‌یە بەر بەدوور كەوتنەوەی لەریگاكەی ماركس" بەراستی ئەمە راستی‌یەكی تەواو بی‌چەندوچوونە تەنها،پیویستە ئەوەیش لەیادنەكری كەبیرنشتاین خاوەنی پیداویستی تیوری راستەقینەبوو: چونكە بەشیوەیەكی هوشیارانە هەولی‌دەدا كەگونجاندن

لەنیوان پراتیکی ریفورمیستانەی سوسیال ـ دیموکراسیو پروگرامەکەیدا بینیتە گوری، بەلام بیروکراسی ستالینیستی نەك هەرهیچ جورە شتیك کوی ناکاتەوە لەگەل مارکسیزمدا، بەلکو بگرە تابلیی ناموو غەریبیشە لەگەل هەر جورە پروگرامو دوکترینو سیستەمیکیشدا.

ئایدولوژییەکەشی رووچوونە بەناو سوبژەکتیفیزمیکی پولیسیانەی تەواوەتیدا. لەرووی پراکتیکیشەوە بەتەواوی بەستراوەتەوە بە ئەمپریریسمی توندو تیژانەوە.

بەپیی ناوەروکی بەرژەوەندیەکانیشی، ئەو تویژە چەتەیە دژ بەتیورین. قەتیش نەئامادەن سەرەنجامی کارە دزیوەکانیان بو خویان روون بکەنەوەو نەبشیانخەنە بەرچاوی کەسانی دیکەش، ئەم تویژە بیروکراسییە ئامادەنین رولی کومەلایەتی راستەقینەی خوشیان دەستنیشان بکەن. ستالین لەریگای قەلەمی تیوریيانەوە بەتیوریەکانی مارکسولینیندا ناچیتەوە، بەلکو لەریگای پیشیلکردنی ئەم تیوریانەوەو لەژیر پوستالی (گی.پی.ئوG.U.E.P.E.O.U)(٦)ەوە.

## **مەسەلەی ئەخلاق:ـ**

ئەوانەی کە بولشەفیزم، ماسکەکەی دەرخستن، هەمیشە باس لە(بەدئەخلاقی) بولشەفییەکان د ەکەن.لەریزەکانی وردەبورژوازی، روناکبیرانی دیموکرات، "سوسیالیستەکان"، نووسەرو ئەدیبەکان، پارلەمانتارەکانو ئەوانیتردا، هەندیك نرخو بەهاو وتەو بوچوونو دیدی باووچەسپاو(Conventiennel )(٧) هەنو لەسەری ریك کەوتوون هەر بو روپوشدانیك بەسەر نەبوونی نرخو بەهاکاندا. لەم کومەلگا پانو بەرینەدا کەتاوانبارییەکی هاوبەش لەگورێدایەو دەلی: (Vis et Laisse Vivre Les autres ـ توبوخوت بژی و بیلە بائەوانیتریش چون د ەژین بژین). ئەم دەستەیەبەهیچ شیوەیەك رازینییەو بەهەر چەشنیك کەبوی بکری هەولدەدات کەخو بپاریزی لەدرکی تیژی مارکسیستی.

ئەو تیوریزانو نووسەرو رەوشتپەروەرانەی کە هەردەم لەباری دوودلی مەلەکردندان لەنیوانی دووبەرەدا، وایان بیردەکردەوەو(لەو بوچوونەیشدان) کەبولشەفییەکان بەچەشنیکی رقەبەرانە ناکوکی دەخەنەگەرو لەتواناشیاندانییە کەهاوکاریو هاوپەیمانییەتی(دلسوزانە)تا سەر بیننەکایەوە بەهوی "پیلان گیری" شیانەوە هەردەم یەکیتیو یەکگرتوویی بزووتنەوەی کریکاری تیكدەشکینن.

بیجگە لەمانەیش میانرەو(سانتریست)ی هەست ناسكو هەلەشەیش لەوباوەرەدایە کەبولشەفییەکان بویە (د ژایەتی دەکەن، چونکە(ئەوان بەتەواوی پیدادەگرن لەسەر سەرجەمی شتەکان، بەدیهینانی تەواوی بیرو بوچوونەکانییان) لەکاتیکدا کەسیکی میانەرەوی وا قەت ناتوانی نیوەی ئەو ئەرکانەیش بگریتە ئەستوی خوی.

بەلام، تەنها ئەمکارەکتەرە بەنرخەیش، کەپەیگیرانەو دوور لەهەرچەشنە دوودلیو بەوپەری کولنەد انەوە، دەتوانی پارتیکی شورشگیرانە پەروەرودەبکاتو سل لەهیچ جورەسەختیو دژواریەکی(هەلومەرجە نائاسا یی)یەکان نەکاتەوەو شورشگیرانەیش هەنگاو دەنی بەرەو پیشەوە.

رەوشتی هەر پارتیکیش لەدوا سەرەنجامدا لەوەوە هەلدەقولی کە ئایا نوینەر ایەتی کامە بەرژەوەندی میژوویی دەکات.

رەوشتی بولشەفیزم، دلسوزیو خونەویستیو ئاز ایەتیو قیزهاتنەوە لەهەر جورە درووده لەسەو ساختەچیتییەك،بریتییە لەباشترین کارەکتەرە مروفایەتیەکان، ئەمەیش سەرچاوەکەی لەپەیگیریو تیکوشانی شورشگیرانە لەخزمەتی چەوساوەکاندا هەلقولاوە.

لەم بارەیەشەوە، بیروکراسی ستالینستی، لاسایی کارو گوفتاری بولشەفیەکان دەکاتەوە، بەلام کاتیك کە"پەیگیری"و "کولنەدان" لەریگەی دامودەزگایەکی پولیسییەوە جیبەجیدەکریو لەخزمەتی کەمایەتییەکی خاوەن ئیمتیازدابی، ئەوکاتە دەبیتە سەرچاوەیەکی "نائومیدی"و"ساختەچیەتی"و"دزيو تالانکاری".

دەربارەی ئەو کەسانەیش کەبەنارەوا، قارەمانیتیو گیان فید ایی شورشگیرانەی بولشەفیەکان بەدلرەقیو بودەلەیی بیروکراسییە تیرمیردوریەکان دەچوینن، ئەوانە شایانی ئەوەن کەبەوپەری بینرخيیەوە باسیان لیوەبکریو بخرینە پشتگوی.

سەربارى رووداوە دراماتیکى‌یەکانى ئەم ماوەیەى دواییش، تاوەکو ئیستایش کەسانى ساویلکەو سادەبیر، هیشتاهەر لەو باوەرەدان کەخەباتى نیوان بولشەفیزم (تروتسکیزم) دژى (ستالینیزم) بریتى بووە لەناکوکى کەسایەتى‌و شەرى پلەو پایەو کورسى، یاخود لەباشترین حالەت‌دا، بریتى بووە لەناکوکى (بیرو راو بوچوونى جیاواز)ى دوولایەنى بولشەفیزم.

باشترین‌و دارشتن لەمبارەیەوە،لەلایەن(نورمان توماس Nor man Thomas)ى رابەرى پارتى سوسیالیستى ئەمریکى‌یەوە لەگوفارى سوسیالیستى(Socialiste Review)ى سبتامبرى ١٩٣٧، لاپەرە (٦)دا، دەبرراوەو دەلى: (هیچ بەلگەیەك نى‌یە بوئەوەى کە باوەر بەوەبکەین گەر تروتسکیش زالبوایە بەسەر ستالیندا، ئەوکاتە کوتایى دەهات بەپیلانگیرى‌و کوشت‌وبرو حوکمى توندوتیژى‌و سەرکوت لەرووسیادا). سەیر لەوەدایە ئەم پیاوە خویشى بەمارکسیست ...دەزانى!

لەمەر ئەو بوچوونەوە دەتوانین بلیین کەواتە: "گەر لەجیاتى پا پى (پى یانزەهەم)لەروما (نورمان N orman 1er)ى یەکەم دابنرایە ئەوکاتە کلیساى کاسولیکى دەبووە قەلایەکى سوسیالیزم" توماس لەوەتى‌ناگات کە مەسەلەکە بریتى نەبووە لەیارى‌و گەمەیەکى نیوان تروتسکى‌و ستالین، بەلکو بریتى‌بووە لەناکوکى‌و دژایەتى‌یەکى قوولى نیوان بیروکراسى‌و پرولیتاریا .

بى‌گومان، لەیەکیتى سوفیەتدا، تویژى دەسەلاتدار، تاوەکو ئەمرویش هیشتا هەر ناچارە کەخوى لەگەل ئەو میرات‌و دەسکەوتانەى شورشدا بگونجینى کەلە ئەنجامى شورشەوە بەدەست هینراون، بەلام لەهەمان کاتیشـ دابەراگەیاندنى جەنگیکى ئەهلى (پاکسازى خویناوى‌و سەرکوت‌و کوشت‌و برو لەناوبردنى نارەزایەتى‌یەکان) زەمینە خوش‌دەکات بو گورانکارى رژیمى کومەلایەتى .

لەئیسپانیایش، دارودەستەى ستالینى، هەر لە ئیستاوە بوونەتە قەلاو بەرگریکەرى بورژوازى و دژبە سوسیالیزم کاردەکەن .

کەچى توماس، لەوباوەرەدایە، کەسەرکەوتنى پرولیتاریاى سوسیالیست بەسەر دارو دەستەى بوگەن‌و ستەمکاردا، نابیتەوە هوى ژیاندنەوەى رژیمى سوفیەتى لەرووى سیاسى‌یەوە. بەمەیش کەلەگەل گشت دوودلى‌و هەناسەى سارد هەلکیشان‌و وردەگلەیى‌و وتەبزرکاندنەکانیشى‌دا، بەئاشکرا دەرى‌دەخات کەئەو زیاتر لەبیروکراسى ستالینیستى‌یەوە نزیکترە تالە کریکارانى شورشگیرەوە . توماسیش هەروەك هەموو ئەو کەسانەى‌تر کە باس لە (بەد ئەخلاقى بولشەفیستەکان)وە دەکەن، زور بە ئاشکرایى دەردەکەوى، کەهیشتا کە نە گەیشتوتە ئەو ئاستەیش کەبتوانى لەبناغەکانى رەوشتى شورشگیرانە تى‌بگات .

**<u>داب‌و نەریتى بولشەفیزم‌و ئەنتەرناسیونالى چوارەم:</u>** ـ

دەربارەى ئەو (چەپرەوا نە)یش کەتى‌دەکوشن بگەرینەوە بو(مارکسیزم) بەلام بەلەبیر بردنەوەو خستنەلاوەى (بولشەفیزم)، ئەمانە بەشیوەیەکى گشتى بریتین لە کەسانیکى تاکو تەواو دابراو‌وناموو داواى: دوورکەوتنەوە لەسەندیکا کریکارى‌یەکان دەکەن، دژ بە بەشداریکردنن لە پەرلەمانەکاندا، داواى پیکهینانى (شورا ـ سوفیەت)ى (راستەقینە) دەکەن. هەموو ئەم داواکاریانەیش، کاتى خوى لەگەرمەى رووداوەکانى پاش جەنگ(٨)دا، وەك دروشمى تا بلى‌ى سەرنج راکیش‌و پربەها بهاتنایەتە بەرچاو. بەلام ئیستاکەو لەبەر روشنایى گشت ئەو تاقیکردنەوانەوە گیرانەبەر، ئیدى ئەم "نەخوشى‌یە مندالانەیە" هەموو بایەخیکى سەرنج راکیشانانەیان لەدەست داوە. سەرجەمى هولەندیەکان(گورتەر پاناکوك Gorter,Pannekeoek)،"سپارتاکیستە" ئەلمانى‌یەکان، بوردیگیستە(٩) ئیتالى‌یەکان، جودایى‌و سەربەخویى خویان لەبولشەفیەکان لەسەر بناغەى یەکیك لەو دروشمانە راگەیاندبووو یەکیك لەم بابەتانەیشى‌یان بەتوبزى گەورەکردبوو و دژ بەبولشەفیەکان وەستابوونەوە.

لەم ریرەوە(چەپانە) ئیستاکە چ لەرووى تیورى‌و چ لەرووى پراکتیکیشەوە هیچ جورە ئاسەواریکیان نەماوە، ئەمەیش بەشیوەیەکى ناراستەوخو دەیسەلمینى کە بولشەفیزم تاکە فورمیکى"مارکسیزم"ە لەم چەرخەماندا پارتى بولشەفى بەراستیش دەریخست کەچون شیلگیریى‌وپەیگیرى شورشگیرانە گرى‌دەدرى بە ریالیزمى سیاسى‌یەوە.

هەر ئەو پارتی‌یەبوو، کەهوشیارانەو بو یەکەمین‌جار ئەوپەیوەندیەی نیوان پیشرەوایەتی‌و چینەکەی روونکردەوە، ئەو پەیوەندیەی کەتاکە زامنکەریکی بەدەستهینانی سەرکەوتنە. بیجگەلەوەیش ئەوپارتی‌یە بەتاقیکردنەوەیش سەلماندی کەیەکیتی پرولیتاریاو جەماوەری زەحمەتکیشی وردەبورژوازی گوندوشار تەنها بە روخاندن‌و هەلتەکاندنی سیاسی پارتی‌یە کونەکانی وردە بورژوازی‌یەوە دیتەدی. پارتی بولشەفی بوسەرجەمی‌جیهانی دەرخست کە چون راپەرینیکی شورشگیرانە رابەرایەتی دەکری‌و بەچ شیوەیەك دەسەلات دەگریتە دەست.

ئەو کەسانەیش کەگەرەکیانە بەشیوەیەکی تەجریدی "سوفیەتەکان" دژبە دیکتاتوری پارتی بدەنە قەلەم، دەبی ئەوراستی‌یە بەچاکی تی‌بگەن کەتەنها بەپشتیوانی رابەرایەتی بولشەفی‌یەکانەوە بوو کە سوفیەتەکان توانیان خو لەقوراوی ریفورمیستی دەرباز بکەن‌و خو بگەیننە شیوەی دەولەتی پرولیتاری. پارتی بولشەفی بەوپەری وریایی‌یەوە توانی لەکاتی جەنگی ئەهلی‌دا هونەری عەسکەری گری‌بدات بەسیاسەتیکی مارکسیستی‌یەوە.

تەنانەت گەر کاتیك بیروکراسی ستالینیستی توانیشی بناغە ئابووری‌یەکانی کومەلگای نوی هەلتەکینی، ئەوە هەر تاقیکردنەوەی ئابووری نەخشەریژکراو(پلان بوداریژراو)(١٠)بو هەمیشەو وەك خویندنگایەکی بالای ئابووری دەچیتە میژووی مروقایەتی‌یەوە. تاکە کەسانیکیش، کەچاویان بەرایی بینینی ئەو راستی‌یانەیان نی‌یە، بریتین لەو سیکتاریستە بەرچاو تەنگ‌و تیکشکاوانەی کەپشتیان لەپروسیسوسی (گورانکاری)یە میژوویی‌یەکان کردووە.

بیجگە لەوەیش، نابی ئەوەیش لەیاد بکەین، کەپارتی بولشەفی، بویە توانی کاریکی وامەزنی(پراکتیکی)بەئەنجام بگەینی، چونکە بە بەردەوامی‌و هەریەکە لەهەنگاوەکانی لەبەر روشنایی تیوری‌دا لیك دەدایەوەو لی‌ی دەکولی‌نەوە.

بولشەفیزم داهینەری ئەوتیوری‌یەش نەبوو، بەلکو ئەو سەرچاوەی لە(مارکسیزم)ەوە هەلگرتبوو. مارکسیزمیش بریتی‌یە لەتیوری جولانەوەو گوران نەك لەپشودان و وەستان. تەنهاو تەنهایش چالاکی مەزنی میژوویی‌و هەرەگەورەیش دەیان تۆلی تیوری دەولەمەند بکەن. بولشەفیزم، تۆلی بەشداری‌یەکی زیرەکانەبکات لەدەولەمەند کردنی مارکسیزمدا، ئەویش بەلیکدانەوەی: قوناغی ئیمپریالیزمکە لەسایەی پارتی بولشەفی‌یەوە هاتەدی، بەچەشنی قوناغی جەنگ‌و شورشەکان؛ دیموکراسی بورژوازی لەم قوناغەدا، لەو پەری بوگەنبووندایە؛ پەیوەندی مانگرتنی گشتی‌و راپەرینی شورشگیرانە؛ رولی پارتی‌و سوفیەتەکان‌و هەروەها رولی سەندیکاکان لەقوناغی شورشی پرولیتاریدا؛ لەمەر تیوری دەولەتی سوفیەتی‌یەوە؛ لەمەر ئابوری قوناغی گورانکاری(١١)یەوە؛ لەمەر فاشیزم و بوناپارتیزمەوە(١٢)لەقوناغی ئەزمەی سەرمایەداری‌دا؛ هەمووی ئەم بابەتانەو پاشانیش شیکردنەوە و لیکدانەوەی راستی‌و دروستی دەربارەی هەلومەرجەکانی بوگەنبوون‌و شیوانی پارتی بولشەفی‌و دەولەتی سوفیەتی روونکردنەوەودەریخستن.

ئیدی ئەوانەیش کەتوانیویانە شتیکی بنەرەتی بخەنەسەر سەرەنجامو بەرهەمە گشتی‌یەکانی تری بولشەفیزم، لەچەشنی فاندەر فیلدەری برووکیر، هیلفیردینگ، ئوتو باوەر، لیئون بلوم، تیسرومسکی‌و بەبی ئەوەی کە ماژورکاتلی‌و نورمان توماسیشمان لەیاد بچن با هەر لەبوگەنی تیوری‌و گیژاوی سیاسی رابردوودا بژین.

ئیستا بوگەن بوون(انحطاط)ی کومینتیرن بەشیوەی هەرەئاشکرا خوی‌دەرخستووەو لەرووی تیوریشەوە گەیشتوتەوە ئاستی بوگەنبوونی ئەنتەرناسیونالی دووەم. گشت گروپە ناوەنجی‌و میانەرەوە هەمە چەشنەکانیش (پارتی کریکاری سەربەخوی ئینگلتەرا، پووم(١٣) PPoum و هاوچەشنەکانیشیان تازە خەریکن هەر هەفتەی بریك لەوتەکانی مارکس‌و لینین بەکاردینن بو پیداویستی‌یەکانیان، کریکاران هیچ وانەیەك لەم جورە کەسانەوە فیر نابن. تەنها، دامەزرینەرانی ئەنتەرناسیونالی چوارەم، بەگرتنەبەری دابونەریتی مارکس‌و لینین، توانیویانە هەلویستیکی جدی‌یانەو راست‌و دروست لەرووی تیوری‌یەوە بگرنەبەر. گەر ساویلکەو سادەکارەکانیش گالتە بەوەبکەن کەبیست‌سال پاش شورشی ئوکتوبەر، تازەبەتازە شورشگیران خو سازدەدەنەوە بو کاریکی چکولەی پروپاگەندە. لەوەلامی ئەمانەشدا، هەروەك ئەوانی‌تر، دەتوانین بلیین کە سەرمایەی مەزن زور زیرەکانەتر لەو ساویلکە و سادەکارە وردەبورژوازی‌یانەی کە خو بە "سوسیالیست" یان"کومونیست" دەزانن، بەچاکی بیر لە

شـتەکان دەکاتـەوە: بـەخورایی نیـیە کەمەسـەلەی ئەنتەرناسـیونالی چـوارەم لـەدووتوی روژنامە گرنگە جیهانییەکاندا چـەندین بـاسو خواسـتی بـو تـەرخاندەکری. پیداویسـتی مـەزنو بـی چـەندوچونـی میژوویـی رابەرایەتییـەکی شـورشـگیرانە دەبیتـە هاندەروتـەکاندەری گەشـە کردنی خیرای ئەنتەرناسیونالی چوارەم(١٤).

پربایـەخترین گەرەنتیـش بـو سـەرکەوتنی ئـاییندەی ئەنتەرناسـیونال، لەوەدایـە کـەجوداو دوور لەریگای میژووییەوە نەهاتوتە کایـەوە، بـەلکو هـیزو تـوانـای ئەنتەرناسـونالی چـوارەم لەوەدایـە کە لەرووی ئورگانیشـەوە لەهەناوی بولشەفیزمەوە لەدایك بووە.

**LL EON TROTSKY لیئون تروتسکی**

**L e 29 Aout 1937 ٢٩ی ئوگستی ١٩٣٧**

**ئازاد کردویە بەکوردی لەناميلکەی بولشەفیزمو ستالینیزملە بلاوکراوەکانی (خەباتی کریکـاری)**

**Edite par Lutte Ouvriere - France Bolchevisme et stalinisme لەفەرەنسا**

١ـ پیشرەوایەتی یان رابەرایەتی مەبەست لە**Aavant-garde** ئافانگاردە.

٢ـ(کومینـترن): ئەنتەرناسـیونالی کومونیسـتی سـێیەم. ٣ـ(ئـابرووی دەبـەن) مـان لـەجیگەی(Ils le) prostituentبە کارهیناوە، بەکوردی وشـەیەکی باشـترمان بو نەدوزرایەوە (لەفەرەنسیدا Prostituer )،یـانی لەشفروشتن.

٤ـ پروسـەکانی موسـکو: ئەو پروسـە خویناوییانە بوون کە دامودەزگای سـتا لینی دژبـە بولشـەفییە کونـەکان (بوخـارینو زینوفیـفو کـامینیفو هـەزاران بولشـەفیتر) خسـتنیەگەو بـەتاوانی تروتسـکیزمو خیانەتکارییـەوە قەسابخانەیەکی بەدناوی لەسالانی (١٩٣٦ـ ١٩٣٨)داسازکرد.

٥ـ یەکیك لەنوینەرانی هەرەدیاری ئەمجورە بیرکردنەوەیـە نووسـەری فەرەنسـی بوریـس سـوفارین (Boris Souva rine)ە.

٦ـ Guepeou (گیپیئو)دەزگای موخابەراتی سوفیەتی پیش ئەوەی کە ببیتە کا.ژ.بی (K.G.B ).

٧ـConnventionnel: مەبەسـت لەو دابو نەریتە باوو سەپیزاوانەن کەبوونەتە شیوەی ژیانی دەستەیەك یـان بەشیکی کومەل.

٨ـ جەنگ: مەبەسـت لەیەکەمین جەنگی جیهانییە.

٩ـ بوردیگیستەکان:مەبەست لەلایەنگرانی(Bourdiguet) ی ئیتالییە، رابەری پارتی کومونستی ئیتالی.

١٠ ـ ئابووری نەخشەریژکراو مەبەست لە(پلانیفیکاسیون Planification )ە مەبەست لەبەرنامـەو نەخشـەی ئابووری هەمەلایەنەو مەرکەزییە کەبنەما سیاسـەتی ئـابووری سوسیالیسـتی پیـك دینی، بەپیچەوا سـەرمایەداریەوە کـ ەبازاو یاسـای خسـتنە بـازارو خواسـت ریکـی دەخەن.

١١ـ قوناغی گورا نکاری(ئابوری قوناغی گورانکاری Economie) سـت لـەو قوناغەیـە کـە پرولیتاریـا حوکـم دەگریتـ سـتو هـ ەنگاو دەنـی بـو ریشـەکیش کردنـی بنـ ەمائابوریـەکا سـەرمایەداریو نەخشە داریژتنی بناغەکا نی ئابور سیا سا یەی دکتاتوری پرولیتاریادا

١٢ سینیکیتریدا زور بـەجوانی جیـاوازی فاشـیزمو بونـاپـارتیزم دەردەخـاتو بونـاپـارتیزم وەك رژیمیکی دیکتاتوری بورژوازیو بەشیوەی چەتە گەر سەر سـەلاتی چینەکانەوە خودەنوینیو بوناپـارت خو بەهەمە کار سینەوە لەقەلەم دەداو بگرەو بکوژ هەر خویەتی وەك رژیمی بوناپارتی صدام حسـین. بەلام فاشیزم کەلەئەنجامی ئەز سەرمایەداریەوە دیتـە کایـەوە پشـت بـەدیما سـتو سـتوبەکاریان دینی بو خزمـەتکردنو دریـژە پیدانـی حوکمـ سـەرمایەدار ی دژبـە کومونـیزمو بزووتنـەوەی شورشـگیرانەی سیونالیزم.

١٣ـ پووم : پارتی کریکارانی یەکگرتووی جیهانی ( ئیسپلیا)، کـەرولیکی گرنـگی بینـی لـە شـورشـی ئیسپانیادا (١٩٣٦ ـ ١٩٣٨).

١٤ـ بەداخـەوە کوشـتنی تروتسـکی بەشـیوەیەکی وەحشـیانە لەمەکسیك لەلایـەن پیاوەکا سـتا ینەوە، ئەنتەرناسینالی چوارەمی لاواز کردو داپبری لەدینەموو تیوریسیانو رابەرە مەزنەکەی.